Dengekan

# بۆ هاوڕێی خۆشەویست ڕیبوار عارف

## بە داخەوە ئەوەی سەبارەت بە زەبوونی تیرۆریزمی ئیسلامی وتووتە وا نییە

**شەماڵ علی**
shemalali@yahoo.com

لە ڕێگای ووتارێکتەوە کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە سایتەکاندا بڵاوبۆوە لە هەڕەشەی ئەنسارولئیسلام لە ژیانتان ئاگادار بوومەوە. من بەر لە هەر شتێک هەڕشەیەک کە لە ژیانی تۆ کراوە مەحکومو تاوانبار دەکەمو ئەمە بە بانگەوازێکی تر دەزانم بۆ خۆ ئامادەکردنمان بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم ئینسانکوژە دڕندانە. بەڵام راستیەکەی پاڵنەرم بۆ نوسینی ئەم دێرانە مەحکوم کردنو دەربڕینی پشتیوانی نییە. هەم ناونیشانی ووتارەکەتو هەم ئەو چەند دێرەی لە کۆتایی نوسراوەکەتدا هاتووە وایان لێ کردم کە بکەومە بیری نووسینی ئەم ووتارەو بە بیانووی ئەو چەند دێرەی تۆوە نەزەری خۆم لەسەر ئەو بۆچوونەی کە بە نادروست جێگاو ڕێگاو خەتەریک کە ئیسلامی لە کوردستان دروستی کردووە دەستی کەم دەگرێو جووڵانەوەی سکیولاریستی دووبارە بە نادروست بە بەهێزو کاریگەر لە قەڵەم دەدات، دەربڕم . بە بڕوای من ڕاستیەکان تەواو پێچەوانەی ئەوەن کە تۆ لە وتارەکەتدا باست کردووە.

لە ناونیشانی ووتارەکەتدا دەڵێیت (هەڕەشەو فەتوای تیرۆری ئیسلامیەکان هێمای زەبوونیانە) هەروا لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی ئیسلامیەکان دەڵێیت: (بەڵام دڵنیا بن چ ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی ئەمڕۆ، چ کارنامەی "درەخشانی" ئێوە، چ ووشیاربوونەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو لە نێویشیاندا دەوری بەرەی ڕادیکاڵو ئازادیخوازی کوردستان، فرسەتیکی بۆ شمشیر ڕاوەشاندنو فتواکانی ئێوە نەهێشتۆتەوەو ئەمڕۆ بەرەی ڕادیکاڵو ئازادیخوازو سکولاری کۆمەڵگای کوردستان پێی لە شوێنێک گیر کردووە کە بە بەگەڕخستنی هەموو ئەو ڕەوشتانەی کە ئێوە خۆتانی پێ پێناسە دەکەن ناتوانێت پاشەکشە بەم بەرەیە بکات.)

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە فەتواو هەڕەشەی ئیسلامیەکان لە ئێمە نیشانەی زەبوونیان نیە. بە هیچ مانایەک ناکرێت ئەوان هەڕەشەمان لی بکەن، مەجبورمان بکەن بە ناوی خوازراوەوە تەرجومەی ئەو حەدیسو ئایەتانە بڵاوبکەینەوە کە ماهیەتیان دەخاتە ڕوو، لەسەر نووسینو گوفتار شار بەدەرو ووڵات بەدەرمان بکەن، کتێبو شیعرمان بسوتێننو درامامان قەدەغە بکەن، پارە بۆ پەڕاندنی سەرمان دابنێن، تیرۆری شەخسیەتمان بکەنو هەفتانە لە مینبەری مزگەوتەکانەوە پەلاماری کەرامەتو حەیسیەتمان بدەن، نووسەرو کادرو سەرکردەکانمان تیرۆ بکەنو پۆل پۆل ناچارمان بکەن بۆ دەرەوەی ووڵات هەڵبێین لە وەڵام بە هەموو ئەمانەش ئیمە تەنها بە نووسینی ووتارو مەحکوم کردن وەڵامبدەینەوە، بەڵام هێشتا ئەوان زەبوون بنو ئێمە سەرکەوتوو.

هەڕەشەو تیرۆری ئیسلامیەکان نەک نیشانەی زەبوونی، بەڵکو تەقلیدێکی ڕەسەنی ئەم جووڵانەوەیەیەو نە بە ژێرکەوتنیانو نە لە کاتی باڵا دەستبوونیاندا کۆتایی نایەت. تیرۆرو کوشتارو سەرپەڕاندنو هەڕەشەی کردن، هەموو ئەمانە خەسڵەتی بنەڕەتی ئەم ڕەوتەنو پەیوەستەیی ڕاستەوخۆیان بە بنەما فیکریەکانیەوە هەیەو با لەوە دڵنیابین کە هیچ کات ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمەکەی بێ خوێنڕشتنو هەڕەشە کردن نابینین، بەڵام ئەمە ئەسڵی مەبەست نییە لێرەدا. گرنگە ئەوە بزانینو هەمیشە یادی خۆمانی بهێنینەوە کە تیرۆرو هەڕەشەی ئیسلامیەکان لەمڕۆدا هەر شتێک بێت نیشانەی زەبوونیان نییە.

لە کوردستان درامایەکی تەلەفیزیۆنی، کە بیخەیتە پاڵ ڕشتەی مرواری کە چەند دەیە لەمەوبەر نووسراوەو بەراوردیان بکەیت پڕە لە ڕێز بۆ مەلاو ئاین، بە زەبری خوتبەی جومعەیەک قەدەغە دەکەنو پاشان هەڕەشەش دەکەن هەرکەس لەسەر ئەمە بێتە دەنگ وەک سەگ ئەیتۆپێنن، هێشتا ئەمانە زەبوونو بوار بۆ شمشێر بادانیان نەماوەتەوە؟ من پێم وا نییە.

من بە ڕاستی لەوە تێناگەم کە دەڵێیت ئاڵگۆڕەکانی جیهانو بەهێزی جووڵانەوەی سکیولاریستی بواری بۆ شمشێر ڕاوەشاندنی ئیسلامیەکان نەهێشتۆتەوە. ئەم تیرۆریستانە هەموو ڕۆژێک لە هەر چوار گۆشەی دنیا خەریکی کوشتارو پارچەپارچەکردنی ئینسانن‌و هەر لەم عیراقە حازریە هەموو ڕۆژێک بە خەرمان لاشەی بێگیان دەخەنەوە، بۆچی فرسەت لەبەردەم شمشێر ڕاوەشاندنیان نەماوەتەوە؟ پاشان کام

ئاڵوگۆڕی دنیا بەربەستی بۆ ئەم تیرۆریزمە دروست کردووە، یان دروستی دەکات؟ دنیا وا بۆ 7 ساڵ دەچێت جۆرج بۆشی دڕندەی هەیە. شەپۆلی ڕاستڕەوی خەریکە ئەوروپاش دەگرێتەوەو وولات بە دوای وولاتی گرنگ لەم کیشوەرە دەکەوێتە دەستی نیۆلیبرالەکانەوەو ڕاسیستەکان دەستی باڵا پەیدا دەکەن. قەڵەشتیک کە کەوتۆتە نێوان باکوری پێشکەوتوو باشوری دواکەوتوو نەک هەر کەم نابێتەوە بەلکو تا دێت گەورەترو نائومێدکەرتر دەبێت. کێشەی فەلەستین کە سەرچاوەیەکی گەورەی هێز کۆکردنەوەی ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمەکەیەتی هێشتا لە جێگای خۆیەتیو هیچ ئاسۆیەک بۆ دەربازبوون لێی دیار نییە، لەوەش واوەتر ئەمڕۆ خودی عیراق بۆتە فەلەستینێکی تر.

من نازانم بە کام پێوانە دەکرێت دنیایەک کە تەژی بووە لە نایەکسانیو چەوسانەوەو ستەم، لە پاڵ ئەمەشدا باڵی ڕاستی سەرمایەداری وەک هارو مار بەربۆتە گیانی هەرچی پێشکەوتنو دادپەروەریەکەو خەریکن تۆوی ئومێد لە دڵی ئینسانی ئەم سەردەمەدا ناهێڵنو لەو لاشەوە ئەوەی پێی دەڵێن چەپ لە لوتکەی زەبوونیو بێ ئەلتەرناتیڤیو گەمژەییدا خەریکە لە پەنا ئیسلامی سیاسی دەوەستێتو لە سەر بەرهەمی سیاسەتی کۆنەپەرستانەو نیسبیەتی فەرهەنگیو مالتیکاڵچرالیزم دەلەوەڕێو لە پەراوێزی کۆمیونیتی "موسوڵمانی" پەراوێز خراودا خەریکە جەبهەو حیزب پێک دەهێنێتو مەلای چڵکنمان لێ دەکات بە جیڤاراو خۆپیشاندانی دژی ئەمریکایی بە نوێژی جەماعەت دەستپێ دەکات. بە چ پێوانەیەک لە دنیایەکی لەم چەشنەدا ئاڵوگۆڕەکانی دنیا پۆزەتیڤەو هێزی سکیولاریستەکان بوار لەبەردەم تیرۆریزمی ئیسلامیدا بەرتەسک دەکاتەوە؟

لە باسی کوردستاندا دەڵێیت کە گوایە (بەرەی ڕادیکالو ئازادیخوازو سکولاری کۆمەڵگای کوردستان پێی لە شوێنێک گیر کردووە کە بە بەگەڕخستنی هەموو ئەو ڕەوشتانەی کە ئێوە خۆتانی پێ پێناسە دەکەن ناتوانێت پاشەکشە بەم بەرەیە بکات)، بە داخەوە واقیع تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئێوەیە. بەرەی ڕادیکالیزمو سکیولاریزمو چەپی ئەم کۆمەڵگایە دەردی کوشندەی هەیە. سکیولاریزمی ئەم کۆمەڵگایە نە ڕادیکالە، نە ئازادیخوازە، نە یەکگرتووو ڕێکخراوەو نە کاریگەرو چالاک. سوکانی ئەم جووڵانەوەیە ئێستا کەوتۆتە دەستی ناوەندو کەسانێک کە هەرچی بن ئازادیخوازو ڕادیکاڵ نین. ئەوانەی ساڵانێکە خەریکی ڕۆشنگەرینو گوایە کار لەسەر بواری گشتی دەکەن، بێجگە لە سکیولاریزم هەموو جووڵانەوە ناڕەزایەتیەکانیشیان پەک خستووەو نەزۆکیان کردوون. بانگەوازی گفتوگۆو گیانی لێ بوردن لە بەرامبەر ئیسلامیەکان گوێ کەڕ دەکات. لەو جێگایەش کە ئەم دەنگە نزمە کەسانی وا لە ناوەندی سکیولاریستەکان دەبینیت کە پێش ئەوەی نوێنەری هەرچی بن، ڕەمزی گەندەڵیو ڕزیویی دەسەڵاتن.

ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان لە جێگای ئەوەی بەرەو بە هێزکردنی ئازادیخوازان بچێت، لە غیابی هێزێکی چەپو ڕادیکاڵو لێبڕاو بە جورعەی گەورە هێز بە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمەکەی دەبەخشێت. دەسەڵاتیکی تا سەر ئێسک گەندەڵ، مانەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە ئاسمانی نێوان فیدرالیزمێکی شەقو شڕو زەمینی سەربەخۆییەکی دیفاکتۆی بە دەسەڵاتی میلیشیاییو عەشیرەتی گەمارۆدراو، بێ دەرەتانیەک کە لە شعوری جەماعی خەڵکدا یەئسێکی خنکینەری درووست کردووەو بەرجەستە نەبوونی سیمای ئەلتەرناتیڤیکی ئینسانی کە کۆتایی بە هەموو ئەم هەلومەرجە بهێنێت هەموو ئەمانە وایان کردووە کە ئیسلامیەکانو تیرۆریزمەکەیان باشترین زەمینە بۆ بڵاوبوونەوە هەڵتۆقین پەیدا بکەن.

هەلو مەرجی ناوچەکە پشتیوانێکی ترە بۆ ئەم هێزە تاریکخوازە، لە ئێران، عیراق، تورکیا، لوبنان، فەلەستینو میسر ئیسلامیەکان بە ڕیگای جۆراوجۆرو میکانیزمی جۆراوجۆر خەریکە جێ پێی خۆیان لە دەسەڵاتدا مەحکەم دەکەنو لە بەرامبەر هێزە ڕەقیبەکانیان باڵا دەست دەبن. کوردستانێک کە کەوتۆتە نێو ئەم زەلکاوە ئیسلامیەی ناوچەکە لە سایەی هەلومەرجیک کە ئێستا هەیەو ئەگەر ئێمە سکیولاریستە ڕادیکاڵەکانو لە پێشیانەوە کۆمۆنیستەکان ڕێکخراوو یەکگرتوو نەیەینە مەیدان، شانس بۆ دەربازبوونی لە دووبارە بوونەوەی ئەو تەجروبانە زۆر کەمە. ئەگەر منو تۆو هەر سکیولاریستێکی تر بمانەوێت بەر بەم چارەنووسە بگرین دەبێ هەنگاوی خێرا هەڵبێنینەوەو لە فرسەتێک کە ماوە بۆ خەتدارکردنو مونسەجیم کردنو یەکگرتوو ڕیکخراو کردنو کردنی سکیولاریزمو چەپی کوردستان بە هێزیکی کاریگەر خەبات بکەین.

پاش دروست ناسینی ئەو هەڕەشەیهی ئیسلامی سیاسی یەکەمین هەنگاو لەم ڕێگایە خۆ جیاکردنەوەیە لەو "سکیولاریزمە" موزەیەفەی کە خەریکە لە ژێر ناوی دیالۆگو لیکتێگەیشتنو ئاشتکردنەوەی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵگا، بیەوێت یان نەیەوێت، کۆمەڵگا تەسلیم بەم جانەورانە دەکەن. لە جیگایەک کە کەسانی وەک ڕیبین هەردی ڕیز بۆ مەلاو لە سەروو هەموویانەوە مەلا عوزێر دادەنێن، کە بڵاوکراوەی وەک هاوڵاتی لاپەرەیەکی هەر ژمارەیەکی بۆ مەلایەکی وەک عەلی باپیر کە باوەڕداریکی دوو ئاتەشەی مەبدەئی (قاتلوهم و اقتلوهم)ە

دادەنێت، کە کۆنفرانسی دژ بە توندو تیژی لەبەرامبەر ژنان لە بەردەم گوشاری ئەو پرسیارەدایە کە بۆچی مەلایەک قسەکەری سەرەکی کۆنفرانسەکە نەبێت، کە چەندین نووسەرو "ڕووناکبیر" خەریکن بە شانو باڵی ئیسلامێکی وەک ئەوەی خاتەمی یان تەنانەت وەک ئەوەی حەسەن تورابی هەڵدەڵێن...هتد ئێمە لە بەرامبەر سکیولاریزمێکی نەزۆککراوو دەستەمۆکراو ڕاوەستاوین کە ملی لە بەرامبەر هەڕەشەی ئیسلامی سیاسی لە موو باریکترە. ئەم بۆچوونو مامەڵانە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی، پردی پەڕاندنەوەی تیرۆریزمی ئەم ڕەوتەن بۆ ناو کۆمەڵگا. بەو ئەندازەیە دەتوانین لە خەتەری ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمەکەی پاریزراو بین کە ئەم بۆچونانەمان لە ڕیزی خۆمان وەدەرنابێت.

هەنگاویکی تر جیاکردنەوەی ڕیزی سکیولاریستەکانە لە رموزەکانی دەسەڵاتو سیاسەتی بەناو عەلمانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان. بەرەی عەلمانی لەگەڵ ئەندام پەرلەمانو بەرپرسی ئەم حیزبانەدا پێکنایەت. ئەمانەو سیاسەتی حیزبەکانیان خۆیان فاکتەری بەهێزبوونو قەڵەوبوونی ئیسلامی سیاسین. لەوە دڵنیابین هەر چەشنە هەوڵێکی هاوبەش لەگەڵ ئەمانە بۆ بەڕێخستنی هەر کەمپینێکو جووڵەیەک بە مردوویی لەدایک دەبێت. خەڵک ئەمڕۆ هێندەی لەم دەسەڵاتەو ڕەمزەکانی بێزارە هێندە پەی بە خەتەری ئیسلامی سیاسی نەبردووە.

من لەمەش زیاتر پێم وایە ڕووبەڕوو وەستانی ڕاستەقینە بەرامبەر ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمەکەی لە کەناڵی وەستانەوە لە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتەو نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندیو ناڕەزایەتی خەڵک لە بەرامبەریدا دەچیتە پێشەوە. لە ڕووی بابەتیەوە سکولاریزمو چەپ لە کوردستان لە پیشبرکێیەکدان لەگەڵ ئیسلامی سیاسی کە کامیان بتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەم دەسەڵاتە. ئەگەر چەپو کۆمۆنیستەکان نەتوانن جەماوەر لە دەوری خۆیان ساز بدەن، ئەگەر نەبنە نوینەری نا ووتنی خەڵک بە هەلومەرجی ئێستا، ئەگەر ناڕەزایەتیەکانی خەڵک ڕادیکاڵتر نەکەن، ئەگەر جووڵانەوەی جەماوەر لەم پاسیفیزمەی بەسەریدا زاڵە ڕزگار نەکەن، بە داخەوە نە ئیکسیری خۆپارێزی لە ئیسلامی سیاسی ئیختیراع کراوەو نە ئەم ئیکسیرە لە کوردستان هەیە. خەڵک زۆر سادە دوای هێزیک دەکەون کە بەڵێن دەدات کەمتر بدزێ.

جووڵانەوەی ئازادیخوازیو سکیولاریستی لە کوردستان پێویستی بە هێزیکی سیاسی هەیە ڕابەری بکات. چەپی کۆمەڵگای کوردستان ئەگەر ببێتە خاوەن حیزبیکی بەرچاو ڕۆشنو ڕادیکالو لیبڕاو لە بەرامبەر خەتەری ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمەکەی، دەتوانین لە پەرەگرتنو گەشەی ئەم جووڵانەوەیە دڵنیا بین. تەحەزوب بەخشین بە کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەنگاویکی حەیاتیە بۆ هەڵخڕاندنی هێزی چەپی کۆمەڵگای کوردستان. بە بێ حیزبیکی لەم چەشنە کۆمۆنیزمو چەپ لە کوردستان پەرتەوازەو بێ قیبلەنۆمایەو ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر بێ خاوەنو بێ خەتە.

هاوڕیی خۆشەویستم، دنیای ئەم سەردەمەو کوردستانیش لە ناویدا بە دەست باڵی ڕاستی سەرمایەداریەوە بۆتە زبڵدانێک کە باشترین زەمینەی بۆ ڤایرۆسی ئیسلامیو تیرۆریزمەکەی فەراهەم کردووە. ئەگەر ئومێدیک لە دڵی منو تۆو کەسانێکی وەک ئیمەدا زیندووە، ئەوە پشتی بە ئیرادەو لێبڕاوی خۆمان بەستووە. با تا ئەبەد ئەوە لە بیر بەرینەوە کە ڕەوتی مێژوو لەگەڵ ئێمەیە. هیچ ئاڵوگۆریک لە دنیا خۆبەخۆ میژووی دڕندەییو بندەستکردنی ئینسان کۆتایی ناهینیت. مێژووی سەرکەوتنمان دەبێت خۆمان بە ئیرادەو عەزمی خۆمان بینووسینەوە. بۆ ئەوەش دروست ئەوەیە کە بە چاوی کراوەوە بۆ ئەم واقیعە تاڵو نائینسانیەی دنیاو کوردستانیش بڕوانینو ڕیگای دەربازبوون نیشان بدەینو کار بکەین.

2007-08-02